له لاپەڕەکانی - ل٣..... ل٤ .....ل٥
چەند بابەتێك لە بارەی شیکردنەوەی راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حزب بخوێنەوە

وەرزش: . . . . ل١١ یەکشەممەی داهاتوو
هەڵبژاردەی عێراق و ئوردن یاری دەکەن

ڕێگای کوردستان

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق و
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (٧٢٨) | پێنج شەممە ٢٠٠٧/٢/١٥ | ڕێبەندان ٢٧٠٦

شیوعیەت لە مردن بەهێزترە . . . لە پەتی سێدارە بەرزترە

چواردەی شوبات وزەو ئیلهام بەخشی بەردەوامیمانە

چواردەی شوباتی هەموو ساڵێك شیوعیەکانی عێراق و کوردستان بەدڵێکی پڕ لەماتەمی و بە حوزنێکی قوڵەوە یادی شەهیدکردنی هاوڕێ یوسف سەلمان یوسف ناسراو بەهاوڕێ فەهدو سارم و حازم وزەکی بەسیم دەکەنەوە، کەلەو ڕۆژەداو لەچواردەی شوباتی ١٩٤٩ لەلایەن رژێمی پاشایەتی عێراق لەسێدارە دران و هەر بۆیەش ئەو ڕۆژە لەمێژووی پڕ لەسەروەری حزبی شیوعیمان بەرۆژی شەهیدی شیوعی ناسرا. هەڵبەت دواتر کاروانی شەهیدان درێژەی هەبوو لەرێگای خۆیدا سەرکردەی وەکو هاوڕێ سەلام عادل و جەمال حەیدری و (وضاح حسن) واتا هاوڕێ سەعدون و هەزاران ڕۆڵەی تری شیوعی کردە ڕێبواری خۆی کە لەو دەرفەتە کەمەدا ئەستەمە بتوانین ناویان بهێنین.

دیارە ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیەی رژێمی پاشایەتی وابەستە بە بڕیارو بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانی جیهانی ئەوسا، هەم بۆ خەفەکردن و سەرکوت کردنی خەباتی سیاسی و دیموکراسی و مەدەنی و جەماوەری گەلەکەمان بوو، کە لەو سەرو بەندەدا بە ڕێبەرانی شیوعیەکان گەیشتبووە قۆناغێکی پێشکەوتوو، هەم بۆپاراستنی بەرژەوەندی ئابوری وڵاتانی زلهێزو بونیادە تەقلیدو سیستمە فیکری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریە داخراوەکانی ناوەوە بوو لەفەوتان کە لەژێر کاریگەری خەباتی نیشتمانی و نێوەندەتەویی و چینایەتی هاوڕێیانی حزب کەوتبووە بەردەم گوشارێکی گەورەو پاشەکشەیەکی زۆر، بەڵکو دوای جێبەجێکردنی ئەو تاوانەو شەهیدکردنی پۆلێك سەرکردەی تێکۆشەری شیوعی هاوڕێیانی حزب بەدەست گرتن بەمیتۆدی فیکری و مەعریفی و زانستی و ئەڵقە پتەوەکان و هێڵە گشتیەکانی حزبە قارەمانەکەیان و بە ئیلهام وەرگرتن لەورەی بەرزو خۆڕاگریی فەهدو هاوڕێکانی کاروانی خەباتیان هەر لە پێشەنگیدا هێشتەوەو بەنێو دالآنە ترسناك و هەورازە سەخت و دژوارەکاندا بەردەوام بوون لەچڕینی سروودی سەرکەوتنی و تێکۆشان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار. ئەمڕۆش لەکاتێکدا لەشوباتێکی تردا بەو پەڕی ڕێزو نەوازشەوە لەبەرامبەر باڵای بەرزو شکۆداری شەهیدان دەوەستین، لەهەمان کاتدا خۆمان بەبەختەوەرو ئاسودە دەزانین کە لەسایەو سێبەرو لەدەرەنجامی قوربانیدان و گیان بەخشینی شەهیداندا وڵاتەکەمان چۆتە نێو قۆناغێکی تازەوە، ئەوەتا دەوڵەتی تازەی عێراق سەرەڕای هەڕەشەو پیلان و مەترسیە جددیەکان، بە فۆرم و نێوەڕۆکێکی نوێوە خۆی لەواقیع و قوتاغێکی نوێدا خەملاندوەو بە رەزامەندی و لەبەر چاوگرتنی باری جوگرافی و دیموگرافی و پێکهاتەی نەتەوایەتی و ئەتنیکی وڵاتەکە، ڕەنگڕێژی بناغەو پایەکانی بوونی خۆی کردووە.

هەروەها لەسەر ئاستی کوردستانیش گەلەکەمان بەکۆمەڵێك دەستکەوتی نیشتمانی و نەتەوایەتی گرنگ گەیشتووە، هەڵبەت هەمووشمان ئەو راستیە دەزانین ئەو قۆناغە نوێیەی کە لە وڵاتەکەماندا هاتۆتە ئاراوەو هەروەها سەرەتای دەست پێکردنی سەردەمێکی تازە بابەت لەواقیعێکی سیاسی ئێمەو گەیشتنی گەلەکەمان بەو هەموو دەستکەوتە زێڕینو گرانبەهایە، بەر لەهەموو شتێك بەری ڕەنجی تێکۆشان و قوربانی دانی شەهیدانی چواردەی شوباتو سەرجەم شەهیدانی حزبو بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی و کوردستانیە، کە لەپێناوی ئێستای ئێمەدا قوربانییان بەگیانی خۆیان دا.

لەچواردەی شوبات ڕۆژی شەهیدی شیوعیدا سلاو دەنێرین بۆ هاوڕێیانمان فەهدو سارم زەکی بەسیمو حازمو گشت شەهیدانی حزب.سلاو دەنێرین بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان و عێراق، هەروەها دەبێت ئەمەش بڵێین کەوا داکۆکی کردن لەدەستکەوتەکان و پاراستنی ریزبەندی سیاسی و قوڵکردنەوەی پروسیسی دیموکراسی و پتەوکردنی کەلتووری بەیەکەوە ژیانی مەدەنیانەو ڕێزگرتن لەبنەماڵەی شەهیدان ئەرکیکی نیشتمانی و وەفاداری و ئەمەکداریە بەرامبەر شەهیدانی گەل و نیشتمان.

ڕۆژی شەهیدی شیوعی

لە هەولێر و سلێمانی و گەرمیان و کەرکوك و دهۆك و بەغدا و دەرەوەی وڵات بەرز راگیرا

بەبۆ نەی ڕۆژی شەهیدی شیوعی ڕۆژی ١٤ی شوبات لە هەولێر لەسەر قەبرستانی شەهیدانی شیوعی ، کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبمان مەراسیمێکی شایتستەی بۆ بەرز راگرتنی گیانی بەرزە فڕی شەهیدانی شیوعی سازکرد کە تیایدا بەسەدان لە بنەمالەی سەربەرزی شەهیدا ن و هاورێیان و دۆستان لەوێ ئامادەبوون .

لەو مەراسیمەی کە بە ئامادەبوونی سکرتێری حزبمان و هاورێیانی تێکۆشەری حزب و هاورێیانی حزبی شیوعی عێراق و کادیرانی هەولێر تێدا بەشدار بوون، هاوڕێ کەریم ئەحمەد تاجە گوڵینەیەکی لەسەر گلکۆی شەهیدانی شیوعی دانا .

لەسلێمانیش هەر بەم بۆنەیەوە ، کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبمان ، سەرپەرشتی ڕێپێوانێکی هێمنانەی بنەماڵە و کەسو کاری سەربەرزی شەهیدانی حزبمانیان بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردو لە وێش یاداشتێك لەلایەن خانەوادەی شەهیدانەوە پێشکەش بە جێگری پارێزگاری سلێمانی کرا کە تێیدا جەخت لەسەر گرنگیدان بە ژیان و گوزەرانی بنەماڵەی شەهیدان کراوەتەوە.

لە گەرمیان کۆمیتەی محەلی گەرمیان چەند چالاکییەکی جۆراوجۆر هەر لە کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری و سەردان کردنی ماڵی شەهیدانی سەربەرز و سازدانی مەراسیمێکی شکۆدار لە ساڵیادی ڕۆژی شەهیدی شیوعی بەرز راگیرا.

هەر بەم بۆنەیە و لەکەرکوك ودهۆك و سۆران و شەقڵاوە ، هاوڕێیانمان بە چەندین لیژنە سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیان کردو هاوخەمیان بوون لە و یادەدا کە بەخوێنی ئەوان ئەو ڕۆژە هاتۆتە بەرهەم.

لە لاپەڕەدوودا درێژەی ئەو چالاکیانە بخوێنەوە.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان پێشوازی لە شاندی فەلەستین دەکات

لیوا رەجوب: پەیوەندیە مێژووییەکانی نێوانمان مەودا فراوانەکان کورت دەکەنەوە

شاندی فەلەستین (بزوتنەوەی فەتح) بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتنە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەوە و پاشان لە سەردانێکی دۆستانەدا لەمەکتەبی سیاسی حزبماندا، لەلایەن هاوڕێیانی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی پێشوازیکران.

لەبارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان ،حزبی شیوعی کوردستان ، هاوڕێ کەمال شاکر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و بەئامادەبوونی هاوڕێی تێکۆشەر کەریم ئەحمەد پێشوازیان کرد لە شاندی باڵای فەلەستینی کەپێکهاتبوو لە بەرێزان لیوا جەبریل رەجوب سەرۆکی شاندو هەریەك لەبەرێزان دکتۆر حوسنی ئەبو ئەحمەد و دکتۆر ئەنوەر سالم ئەندامی شاندی فەتح .لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دوای بەخێرهاتن ، لیوا جەبریل رەجوب لەلای خۆیەوە گوتی ((ئەو پەیوەندیە مێژووییەی نێوانمان ماوە لێك دور و فرەوانەکان کورت دەکاتەوە وئێوە پردێکن لە نێوان هەموو لایەنەکاندا، چونکە توانیوتانە هاوسەنگییەکی هەمە لایەنە دروستبکەن))

پاشان هاوڕێ کەمال شاکر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ،تیشکی خستە سەر بارودۆخی عێراق لەرابردوو و ئێستادا و ڕۆلی خراپی رژێمی روخاوی لەو بوارەدا شیکردەوەو و، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە حزبی شیوعی بەر لە هەلگیرسانی شەڕ بەر لە ٩ی نیسان دروشمی (نا بۆ شەڕ و نا بۆ دیکتاتۆری) بەرز کردبۆوە و هەردەم لەگەڵ گۆڕانکاری بەهێزی ناوخۆیی بووە بە کەڵك وەرگرتن لە پشتیوانی دەرەکی .

دواتر هاوڕێ کەریم ئەحمەد ئاماژەی بە ڕۆلی یاسر عەرەفات (ئەبوعەمماد)دا لە نەپچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و شیوعیەکاندا و گوتیشی ئێمە هەردەم لە باوەڕماندا لە ڕەوایەتی کێشەی فەلەستین و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دوودلیمان نەبووە. لەلای خۆیەوە لیوا جەبریل رەجوب گوتی ئێمە بەردەوام هەوڵمان دەدا کە نەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو هێرشانەی دەکرانە سەر کورد لە عێراقدا.

شایانی باسە ژمارەیەك لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبمان ئامادەی ئەو دیدارە بوون.